# ئێمه كورده ئه‌نته‌رناسیۆنالیسته‌كان:

شه‌ڕی چه‌په‌ڵی ده‌وڵه‌تی بوش دژی خه‌ڵكی عێراق مه‌حكووم ده‌كه‌ین. داگیركردنی ئه‌فغانستان به‌ده‌ستی سوپاكانی ئه‌مریكا و ئینگلیستان و ئاڵمان و وڵاتانی تر مه‌حكووم ده‌كه‌ین.
هێرشی سه‌ربازی ئه‌مریكا بۆ سه‌ر هه‌ر وڵاتێك و به‌هه‌ر بیانوویه‌كه‌وه‌بێت مه‌حكووم ده‌كه‌ین. به‌ده‌سه‌ڵاتگه‌یشتنی كریستیانه سه‌ره‌ڕۆكان له‌ ئه‌مریكا زۆر به‌جێی مه‌ترسی ده‌زانین و پێمان وایه‌ كه‌ ئه‌مه‌ وه‌كو به‌ده‌سه‌ڵات گه‌یشتنی هیتلێره‌له‌ئاڵمان.

ئێمه‌له‌بزووتنه‌وه‌كانی دژی شه‌ڕ و دژی گلۆباڵیزاسیۆنی سه‌رمایه‌داری له‌سه‌راسه‌ری دنیا و له‌ناوخۆی ئه‌مریكاش پشتیوانی ده‌كه‌ین و ڕایده‌گه‌یه‌نین كه‌ له‌گه‌ڵیاندا له‌هاوپشتی ئه‌نته‌رناسیۆنالیستی داین.

**ئێمه كورده ئه‌نته‌رناسیۆنالیسته‌كان، ئاگاداری مێژووی ئیمپریالیزمی ئه‌مریكا له‌رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستین ڕایده‌گه‌یه‌نین كه:**
ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا گه‌وره‌ترین سه‌رچاوه‌ی پشتگیریی كۆنه‌په‌رستترین هێزه‌سیاسیه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست بووه‌ و هه‌یه‌. ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا ، سامناكترین ده‌موده‌زگا ئه‌منیه‌تیه‌كانی ڕژیمه‌كانی عه‌ره‌بستانی سعودی، ڕژیمی شا له‌ئێران و ڕژیمی ژه‌نراڵه‌كانی توركییه‌ی ده‌رس داوه‌بۆ سه‌ركوتی خه‌ڵك و ئازادیخوازانی ئه‌و وڵاتانه.

ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا، له‌نیو سه‌ده‌ی ڕابردوودا ده‌وڵه‌تی فاشیستی ئیسرائیلی خستۆته‌گیانی خه‌ڵكی فه‌له‌ستین و ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ی له‌هه‌موو مافه‌كانی خۆی بێبه‌ش كردووه.
ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا و ده‌وڵه‌ته‌كانی ئوروپایی بۆ سه‌ركوتی شۆڕشی ئێران، ڕێگای به‌ده‌سه‌ڵاتگه‌یشتنی خومه‌ینی و ڕژیمی كۆماری ئیسلامیان خۆش كرد و بۆ ماوه‌ی ٢٥ ساڵ بێ دریغی كردن پشتیووانیان لێ كردووه.

ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا، دایك و باوكی ڕژیمی فاشیستی توركیه‌یه، كه‌ له‌٢٠ ساڵی ڕابردوودا به‌شێوه‌یه‌كی سیستماتیك، ئاواییه‌كانی كوردستانی توركیه‌ی خاپوور كردووه‌و خه‌ڵكی كوردستانی كوشتار و ئاواره‌كردووه. ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا له‌سه‌رده‌می سه‌رۆككۆماری ڕیگان و بوشی باوكدا چه‌كی شیمیایی دا به‌ده‌وڵه‌تی سه‌دام حسێن، تا به‌سه‌ر خه‌ڵكی كوردستانی عێراقیدا بیبارێنێ.
ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا، له‌ ساڵی ١٩٧٥دا مه‌لا مسته‌فا و تێكۆشه‌رانی كوردستانی عێراقی به‌ڕژیمی فاشیستی سه‌دام فرۆشت. به‌م پێودانه‌چ گه‌مژه‌یه‌ك ده‌توانێ ئیدعاكانی جۆرج بوش له‌باره‌ی ئازادی و دیموكراسییه‌وه‌باوه‌ڕ بكات؟

**ئێمه كورده ئه‌نته‌رناسیۆنالیسته‌كان ڕاده‌گه‌یه‌نین كه‌بوش دۆستی خه‌ڵكی كوردستان و خه‌ڵكانی تری ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست نییه.**

شه‌ڕ و كێشه‌ی ده‌وڵه‌تی بوش له‌گه‌ڵ ئه‌لقاعیده، له‌گه‌ڵ ڕژیمی سه‌دام حسێن و ڕژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران، شه‌ڕوكێشه‌ی مافیای گه‌وره‌یه‌ له‌گه‌ڵ مافیای بچووك. بۆ دروستكردنی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستێك كه‌هی خه‌ڵكی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست بێ، خه‌ڵكی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست ده‌بێ هه‌موو ئه‌م ڕژیمه‌كۆنه‌په‌رستانه‌ به‌ده‌ستی خۆیان بڕووخێنن و ئیمپریالیزمی ئه‌مریكاش له‌ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست بكه‌نه‌ده‌ره‌وه.

**ده‌وڵه‌تی بوش دۆستی كورد نییه‌و ئێمه‌دۆستانی خۆمان له‌ئه‌مریكا هه‌یه.**

ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا له‌ناو كورد و ئێرانی و تورك و عه‌ره‌به‌كاندا دۆستی خۆی هه‌یه. ئێمه‌ی خه‌ڵی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستیش له‌ئه‌مریكا دۆستانی خۆمان هه‌یه. دۆستانی ئێمه‌لاوانی دژی ئیمپریالیستی ئه‌مریكا، كۆمۆنیسته‌شۆڕشگێڕه‌كان و نه‌ته‌وه‌ی ڕه‌شپێستی چه‌وساوه‌ی ئه‌مریكا، هه‌موو ژنان و پیاوانێكن كه‌له‌دژی شه‌ڕی تاڵان و بڕۆ و جه‌نایه‌تكارانه‌ی ده‌وڵه‌ته‌كه‌یان وتیان: نا! به‌ناوی ئێمه‌وه‌نا!

دۆستانی ئێمه‌له‌ناو خه‌ڵكی ئه‌مریكادا ژنانن، كه‌ده‌وڵه‌تی جۆرج بوش ده‌یه‌وێ‌مافی له‌باربردن و زۆر مافی تریشیان لێ بسه‌نێته‌وه.

دۆستانی ئێمەخەڵکانی بوومی سورپێستی ئەمریکان، کەبەشێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن سوپای فاشیستی ئەمریکاوەجینۆساید کراوون. دۆستانی ئێمەکرێکارانی سپی و ڕەش و لاتین و چینی و ...ی ئەمریکان، کەوەکو کرێکارانی کورد و تورک و ئێرانی و عەرەب لەژێر جەنجەڕی گڵۆبالیزاسیۆنی سەرمایەداریدا لەتوپەت ئەبن و وردەوردەدەمرن.

دۆستان و هاوڕێیانی خۆشەویست: با شانبەشانی یەکتر ناڕەزایەتی خۆمان سەبارەت بەهاتنی بوش بۆ ئاڵمان دەربڕین و پەیامی بێزاری خۆمان لەجەنایەتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەگوێی هەموو خەڵکی سەراسەری ئەم گۆی زەوییەبگەیەنین.

ئەمانەجیایی دوبەرەکایەتی دەخەنەناو خەڵکی دنیا، تا بتووانن حوکمڕانیان بەسەردا بکەن. ئێمەدەبێ یەکگرتووانەلەبەرابەر هێزەئیمپریالیستیەکانی دنیا و هەموو ڕژیمەکۆنەپەرستەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆماری فاشیستی تورکیە، ڕژیمی کۆنەپەرستی تازەی عێراق، ڕژیمەکۆنەپەرستەکانی عەرەب لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەراسەری دنیا خەبات بکەین و گۆی زەوی لەمانەپاک بکەینەوەو بەدەستی خۆمان دنیایەک پێکبێنین کەبەڕاستی هی خەڵکی سەراسەری جیهان بێت.

بەنیازی دیدار لەڕیزی خەباتی دژی سەفەری جۆرج بوش

بژی هاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی خەڵکی سەراسەری دنیا

**کوردەئەنتەرناسیۆنالیستەکانی ئاڵمان**

**١٧ فەوریەی ٢٠٠٥**